# نابێت دوو (نوێژی) ویتر لە یەک شەودا ئەنجامبدرێن

قەیس کوڕی تەڵق دەڵێت: تەڵق کوڕی عەلی ڕۆژێک لە مانگی ڕەمەزاندا سەردانی کردین، هەتا ئێوارە لەگەڵمان مایەوە وڕۆژووەکەی لەگەڵ ئێمە شکاند، ئینجا پێشنوێژی بۆ کردین لە (شەونوێژ) ونوێژی ویتردا، پاشان گەڕایەوە بۆ مزگەوتەکەی، پێشنوێژی بۆ هاوەڵانی ئەنجامدا، کاتێک نوێژی ویتر مایەوە پیاوێکی هێنایە پێشەوە (بۆ پێشنوێژی کردن)، ووتی: پێشنوێژی بۆ هاوەڵانت بکە لە نوێژی ویتردا، چونکە گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «نابێت دوو (نوێژی) ویتر لە یەک شەودا ئەنجامبدرێن».
[صەحیحە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: هاوەڵێکی بەڕێز بە ناوی تەڵق کوڕی عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- بە پێی کردەوەکەی ئەوە ڕووندەکاتەوە لە سەرەتای شەودا پێشنوێژی کرد بۆ کەسە نزیکەکانی ونوێژی ویتری ئەنجامدا، پاشان پێشنوێژی کرد بۆ خەڵکی ناوچەکەی وپێشنوێژی بۆیان نەکرد لە نوێژی ویتردا بەڵکو کەسێکی تری پێشخست بۆئەوەی پێشنوێژیان بۆ بکات لە نوێژی ویتردا؛ چونکە ئەو گوێی لە نەهی کردنێک بووە لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- کە فەرموویەتی: نابێت مرۆڤ دوو نوێژی ویتر لە یەک شەودا ئەنجامبدات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11272

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee